




حەقیقەت و سەراب..
**و. دلێر محەمەد**

یەشار کەمال-ی کوردو
گۆنتەر گراس-ی ئەڵمانی،
بەیەککگەیشتن
**و: کارزان عەبدوڵڵا**

ئاخۆ مەرگ پیاوە؟
ڕەخنەیەك لەسەر جنسییەتی
مەرگ
**و: ئازاد بەهین**

ئەدەب کار و کاسیی منە!
**و: سۆران خدری پوور**

تاك، كۆ (ئەلبێرتۆ موراڤیا)
**و: شەریف فەلاح**

لەم گۆرەپانەدا
**و: ئەردەڵان فەرەجی**

# وەرگێڕان

# حەقیقەت و سەراب..

## خوێندنەوەیەك بۆ رەهەندی سۆفیگەرێتی لەلای ئەدۆنیس

ن: مازن لەتیف
و.لەعەرەبییەوە: دلێر محەمەد



لەکەلتووری عەرەبی هاوچەرخدا، ئەدۆنیس بەفرەیی بەرهەمە شیعری و رەخنەیی و جۆری بەرهەمەکانی و بەردەوامبوونی جیادەکرێتەوە، وەکچۆن بەشێکی گەورەی کتێبە رەخنەییەکانی بەشێوەیەکی کەلتووریی مەعریفی تەرخانکردووە بۆ رەخنەگرتن لەواقیعی عەرەبی و بەتایبەتیش لەکتێبە سیانەییەکەیدا (الثابت والمتحول)، لەم پەرتووکە تازە چاپکراوەشدا بەناونیشانی (حەقیەت و سەراب.. خوێندنەوەیەك بۆ رەهەندی سۆفیگەرێتی، لەرووی مەرجەع و پراکتیکەوە)، کە نووسەری جەزائیری (سوفیان زەدادقە) نووسیویەتی و ساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن (منشورات الاختلاف)ەوە بڵاوکراوەتەوەو ناوەرۆکەکەی پێکهاتووە لە: دەروازەیەك کە هەڵگری ناونیشانی (سۆفیگەرێتی و مۆدێرنەتی: جیابوونەوەی پرسیارو بەیەکگەیشتنی شیعر)ە، لەگەڵ سێ بەشدا، کە ناونیشانی بەشی یەکەم (خولگەکانی سۆفیگەری و شیعر: لەکەلتووری عەرەبی ئیسلامیدا)یەو بەشی دووەمیش بەناوی (ئەدۆنیس و مەرجەعی





سۆفیگەری)یەو بەشی سێیەمیش بەناونیشانی (دەقئاوێزانی ئەدۆنیسیانە: مشتومری پیرۆزی و ناپاکی)یە، نووسەر وادەبینێت کە ئەدۆنیس پێیخۆش نییە وەك رەخنەگرێك واتە بەپێی ئاکادیمیبوون و راستی و دروستی میتۆدیانەو لایەنی مەرجەعی دادگایی بکرێت، بەڵکو پێویستە بەوپێیە تەماشابکرێت کە هونەرمەندە، بەدیاریکراویش وەك هونەرمەندێکی شۆرشگێر، شۆرشگێرەکانیش بەتوورەیی و ئاژاوەگێریی و رەتکردنەوەو حەماسەتەکەیان و هەروەها بەگەورەیی هەڵەکانیشیان ناسراون، هەندێك لەتوێژەرانیش وادەبینن کە ئەدۆنیس بەرۆحی ئاییندەگەرایی یاخود پێشرەوایەتی زیاتر کاریگەربووە، لەکاریگەریی بەرەوتی نوێگەری وەك یەکەیەکی گشتی (کل)، ئەمەش لەبەر توندی هێرشەکەی بۆسەر کەلەپوورو کەلەپوورخوازەکان، ئەدۆنیس هەوڵیداوە چەمکی گۆران هەتا بەسەر دەقە شیعرییەکانیشیدا پراکتیك بکات، بۆ خوێندنەوەی رابردووش بلێسەی تیۆریزەکردنەکەی پاڵنەری بووە، ئەو یەکێك بووە لەو شاعیرە سەرەتاییانەی عەرەب کە هەوڵیانداوە بگەرێن بەدوای رووی لێکچووندا لەنێوان سۆفیگەری و نوێگەریدا، چونکە ئەدۆنیس لەکتێبەکەیدا (الثابت والمتحول) لەچرکەساتی سۆفیگەریدا بزووتنەوەیەکی شۆرشگێرانەی پەرگیر دەبینێت، کە لەرووی مێژووییەوە دەیخاتەناو خانەی ئۆپۆزسیۆن/ تازەگەری-یەوە، لەبەرئەمەش سۆفیگەری لەبۆچوونی ئەودا یەکێك لەباڵەکانی ململانێی فیکریی دروستکردووە لەنێوان سیستمی باڵادەستی (ئومەوی/ عەباسی)دا، کە ئەم دوو رژێمە هەوڵی جێگیربوون و چەقبەستنیانداوە لەلایەك و لەنێوان هێزەکانی گۆران و شۆرش لەناو کۆمەڵگەدا لەلایەکی دیکەوە، لەمەشدا سۆفیزم هاوشێوەی گروپەکانی دیکەی وەك موعتەزیلەو ئەقڵانییەکان و خودگەراکان و مولحیدەکان و هتد بووە، سۆفیان زەدادقە وادەبینێت کە ئەدۆنیس پەیوەندیی نێوان شیعرو تەسەوفی بەشێوەیەکی مەعریفی دەمجکردووە، چونکە شیعر لای ئەو جۆرە یەکێتییەکە، کە تێیدا بەدوای چارەسەری ناکۆکییەکانی ناو بووندا دەگەرێت، لەرێگەی تێپەراندن و رزگاربوون لەدیلیەتی شتە ئاسایی و رۆژانەییەکان، بەرەو رەهایی و بێسنووریی، وەکچۆن سۆفیگەریی بەر لەو باوەری وابووە، ئەدۆنیس-یش بروای بەکەشفکردن و دۆزینەوە هەیە، سەرەتا بەرەبەرە لەهەڵوێستەکانیدا لەسەرخستنی ئەقڵانییەت و گومانی دیکارت-ییانەوە گۆرا بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی تەواو جیاواز، کە ئیشراق و رەتکردنەوەی لۆژیك و بەرپەرچدانەوەی دەسەڵاتی ئەقڵ و واقیع جیایدەکاتەوە، خوێنەری ئەدۆنیس لەشیعرەکانیدا گەلێك نموونەی سۆفیگەرانە دەبینێت، کە نمایشی سیمبولەکانی یاخیبوون دەکەن بەسەر نەریتەکان و بیرکردنەوەی باودا، هەروەك حەللاج و ئەلنەرفەری و سوهرە وەردی، هەروەها لەلای ئەدۆنیس پێداگرتنی روون و ئاشکرا هەیە لەسەر وابەستەکردنی مێژووییانەی نێوان گەشەکردنی سۆفیگەریی و دیاردەی شیعەگەرایی، ئەمە بەبێ ئەوەی کە خۆی ماندووبکات تاکو ئەم پەیوەندییە بسەلێنێت، دەربارەی چەمکی وێنەش، سوفیان زەدادقە وادەبینێت کە ئەدۆنیس لەخستنەرووی

چەمکی وێنەدا لەلای سۆفیزم، بەشێوەیەکی گشتیی پشت بەئیبن عەرەبی دەبەستێت، هەروەکچۆن بەشێوەیەکی هەمەکیش بۆ خستنەرووی عەشق و خۆشەویستی سۆفیگەریی پشتی بەو بەستووە، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە ئەدۆنیس بەوردی بیرکردنەوەکانی ئیبن عەرەبی و بیرکردنەوە تایبەتییەکانی خۆشی دەستنیشانناکات، چونکە لەکاتی خوێندنەوەداو لەوەدا کە تایبەتە بەجیاکردنەوەی بیرکردنەوەی ئەم دوو پیاوە، نارۆشنی و تەمومژ روودەدات، ئەم شۆناسگۆڕکێیەش (التماهي) لەگەڵ ناودارانی (خۆرهەڵاتی و خۆرئاوایی)دا، یەکێکە لەخەسڵەتە نائەکادیمییەکانی ئەدۆنیس، چونکە لەکتێبەکەیدا (دەقی قورئان و ئاسۆکانی نووسین) ئەدۆنیس ئەو گواستنەوە مێژووییەی کە لەزارەکییەوە بۆ نووسین روویداوە لەکەلتووری عەرەبی کۆندا، دەکاتە گواستنەوەیەك لەگوتاربێژییەوە بۆ نووسین، یاخود لەقۆناغی زارەکییەوە بۆ قۆناغی نووسین، هەروەها ئەم خاڵی گواستنەوەیەش بەچرکەساتی نووسینەوەی قورئان دیاریدەکات.

نووسەر دەڵێت ئەدۆنیس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەو سۆفیستێکی بێ باوەڕو دەڵێت، سۆفیگەرییەکەی من لەسەر ئەوە رادەوەستێت کە واقیع گشتی (کلی)یە، کۆکراوەی نێوان ئەوەیە کە لەجیهاندا دەردەکەوێت و بزردەبێت، دیار (الظاهر)یش گوزارشت لەتەواوی حەقیقەت ناکات، بەڵام لەوانەیە تەعبیر لەلایەنی رواڵەتی و کاتی و تێپەڕیوی حەقیقەت بکات، هەروەها ئەوەی دواتریش (واتە دیوە نادیارەکەی حەقیقەت) شتێکی پێشوەخت ئامادەکراو نییە، کە هەموومان فێری بین، وەکچۆن لەکتێبەوە فێردەبین، بەڵکو لەناوبوون و لەناوژیان و لەناو ئەزموونەدا پەی پێدەبەین.

نووسەری کتێبەکە پێیوایە، ئەوەی وای لەئەدۆنیس کردووە کە سووربێت لەسەرهەوڵدانەکانی بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوەی بۆ بنەچەو بنەڕەت و وەبەرهێنانەوەی سۆفیگەرێتی، لەهێنان و گواستنەوەی نوێگەریی و چاندنی لەناو کەلتووری عەرەبیی هاوچەردا، بریتییە لەسەرسامبوونی بەئازایەتی و دلێری ئیبن عەرەبی و شۆڕشە هزرییەکەی کە بنەمای شەریعەت و بیرۆکەی پاداشت و سزای هەڵگێڕاوەتەوە، یاخود قڵپکردووەتەوە، بەدڵنیایی ئیبن عەرەبی ئینسانی تا ئەو سنوورە پیرۆزکردووە، کە بێگوناهبوونی ئەوی کردووەتە کەماڵ، بۆ ئەمەش خوێندنەوە وەرگێڕاوەکانی، یاخود خوازراوەکانی دەربارەی دژەکان و ناوە جوانەکانی یەزدان پاڵنەرو هاندەری بوون.

نووسەر، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە توێژەری شیعرەکانی ئەدۆنیس، پێویستە یەکەمجار سەرنجی ئەو قورساییە بەهێزە لەگواستنەوەکان و کاریگەرییان و گەواهیدانەکان و خواستەکان بدات کە قەسیدەکانی ئەویان داگیرکردووە، هەروەها جەختیش لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەدۆنیس لەسەر ئاستی بیرکردنەوە ئەو تۆڕیزەکەرە ئەقڵانییە نییە، کە پێ لەسەر یەکانگیریی پرۆژەی رەخنەیی دابگرێت، یاخود ئەفراندنەکەی لەم بوارەدا بۆ تاقیکردنەوەی زەمەن بسەلمێنێت، بەڵکو ئەو شاعیرێکە کە جلوبەرگی بیرمەندی پۆشیوەو شاعیریش بەسروشتی خۆی باڵندەیەکی ئاوازخوێنی



ئازادە، کە تیۆرەکان زیندانی ناکەن و بونیادە لۆژیکییەکانیش فەرمانڕەوایەتی ناکەن، بەڵام گرنگترین شت کە ئەدۆنیس بەرهەمیهێنابێت، بریتییە لەراگەیاندنی جەنگ لەدژی بەڵگە نەویستە قورسەکان، جەنگ لەدژی چەقبەستنمان بۆ تێگەیشتنی دۆگماییانە لەکەلەپوور، بەو سیفەتەی کە جێگیرە، لەکۆتایی کتێبەکەشدا زەدادقە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەدۆنیس رواڵەتی سۆفیگەریی و دیمەنە بینراوەکەی و وشەکانی وەرگرتووەو هەندێك لەکەسایەتییەکانی تەوزیفکردووە، هەروەها هەندێك لەشەتەحاتەکانی سۆفیگەریی و فەرهەنگەکەی و ریتمی زمانەکەی خواستووە، بەڵام هەگیز نەگەیشتووەتە جەوهەرەکەی کە سۆفیگەرێتی لەسەر بوونیادنراوەو دەنرێت، ئەم جەوهەرەش کە مومکین نییە، جەوهەرێکی ئایینی نەبێت، بەهەموو قورساییەکانی ئەم زاراوە گشتگیرە بۆ واتاکانی بەندایەتی و ئیسلام و قبووڵکردن و باوەڕ، کە ئەوانیش بریتین لەزاراوەگەلێك، چەمکگەلێك، زانراوگەلێك، کە ناکرێت ئەدۆنیس پێیان سەرسامبێت، یاخود بانگەشەیان بۆ بکات.

کتێبەکە هەڵگری مۆرکێکی رەخنەییە بۆ بیرکردنەوەکانی ئەدۆنیس و توێژینەوەیەکیش لەخۆدەگرێت دەربارەی مێژووی سۆفیگەریی و گرنگترین رەمزو سیمبولەکانی و لە (٦٠٠) لاپەڕەی قەبارە گەورەش پێکهاتووە.

سەرچاوە:

ئینتەرنێت، مەڵپەری: الاوان AL Awan.org وتاری: الحقيقتو السراب، قرأة في البعد الصوفي عند أدونيس، نووسینی: مازن لەتیف، رێکەوتی ١١/٤/٢٠٠٩.



دیداری ئەدەب ... دیداری هەمەجۆریی

# یەشار کەمال-ی کوردو گۆنتەر گراس-ی ئەڵمانی، بەیەکگەیشتن

ن: ئاریانا میرزا
و: کارزان عەبدوڵلا

دوو شاعیر کە هەریەکەو دەسەلاتێکی زمانەوانیی خۆیان هەیە، دوو بیرمەند کە مشتومری زۆریان لەسەرە- بەبانگهێشتی ئەکادیمیای هونەرەکان لەبەرلین دیدارێک بۆ کۆبوونەوەی ئەم دوو نووسەرە، یەشار کەمالی تورکیایی و گۆنتەر گراسی ئەڵمانی، رێکخرا. لەم بەیەکگەیشتنەدا وتووێژ لەبارەی پەیوەندیی ئەدەب بەسیاسەتەوە ئەنجامدرا.

(تەنیا توانای رۆماننوسی و زمانیی روونیان نییە، کە ئەم دوو نووسەرە کۆدەکاتەوە، بەڵکو ئەوان بەهۆی بنەچەیانەوە، پسپۆرن لەبونیادی رەگەزیی تێکەڵاو و پێکەوەژیانی رەگەزە جۆراوجۆرەکان)، کەمێك نەبێت لەنووسەران لەم دەیانەی دوایدا، کەس وەك گۆنتەر گراس و یەشار کەمال بەروونی ئەدەبیان دەوڵەمەند نەکردووەو رۆمانەکانیان وای لەخوێنەران (لەهەموو جیهاندا) نەکردووە کە بروانن سەر جیهان و بارودۆخی نوێ کە پێشتر لێیان ونبوو. ئەوەی لەخوێندنەوەی کتێبەکانیاندا قووڵببێتەوە، دەچێتە گەشتێکەوە کە تیایدا سنوورە ئیقلیمیەکان نامێنێنن، هەروەك ئاستەنگە نەبینراوەکانی نێوان بەربەستە کۆمەلایەتییەکان تەفروتونا دەبن.

رۆمانە سەرەکیەکەی گۆنتەر گراس کە ناوی (الطبل الصفیح)ە، وێنەی رابردووی ئەڵمانیای ئاشکراکرد، سەرباری ئەوەش گەنجینەیەکی زمانەوانییەو پێناسی ونبووی





کاشوبیی ئاشکرا دەکات و شێوەیەکی ئەدەبی نەمری پێدەبەخشێت. بۆ یەشار کەمالیش بارودۆخەکە هەروایە، لە رۆمانە ناودارەکەیدا (محەمەد، ئەی هەڵۆکەم). ئەو رۆمانەی ئاستێکی زۆر بەرزی جوانکاریی شیعریی تێدایەو لەهەمانکاتیشدا پڕە لەرەخنەی کۆمەلایەتی شۆڕشگێڕانە.

یەشار کەمال ئەم رۆمانەی بەرایەڵەیەکی زمانەوانی وردو هەستپێکراو چنیوە، بەشێوەیەك وادەردەکەوێت خوێنەرانی ئەو شنە سازگارە هەڵژن کە لەسەر کانیەکانی زەعیتەرەوە هەڵدەکەن لەناوچەی جوکۆرۆما لەبەرزاییەکانی ئەنادۆڵ، ماوەیەکی دوورو درێژە محەمەد، پاڵەوانی رۆمانەکەی یەشار کەمال کە لەساڵی ١٩٥٥-دا نووسیویەتی، بووەتە کەسێتییەکی ئەفسانەیی، تا ئەمرۆ نزیکەی ١٠٠٠٠ نزرگە هەیە کە خەڵك لەتورکیا پێیانوایە گڵکۆی ئەو یاخییە ئەفسانەییەیە، تا ئەمرۆش زۆرێك لەخەڵك وادەزانن کە ئەو محەمەدە لەپاڵەوانی رۆمانێکی خەیاڵیی زیاترە.

## ئەزموونی جیاواز لەرووی رۆشنبیرییەوە:

تەنیا توانای رۆماننوسی و زمانیی روونیان نییە کە ئەم دوو نووسەرە کۆدەکاتەوە، بەڵکو ئەوان بەهۆی بنەچەیانەوە، پسپۆرن لەبونیادی رەگەزیی تێکەڵاو و پێکەوەژیانی رەگەزە جۆراوجۆرەکان و کینەی هەتاهەتایی نێوان کەمەنەتەوە جۆراوجۆرەکان. ئەم شاعیرە کوردە-تورکە و ئەم نووسەرە ئەڵمانییە، ئەزموونە جۆراوجۆرە رۆشنبیرییەکانیان، گواستەوە بۆ ئەدەب- کە هەردووکیان کاریگەرییان هەبووە لەرووگەی رۆشنبیری هاوچەرخ لە (نیوەی) نیشتمانیان. لەگەڵ بوونی زۆر شتی هاوبەش لەنێوانیاندا، شتێك نییە جێی سەرنج بێت کە گۆنتەر گراس و یەشار کەمال دوو هاورێ بوون. لەئاکامیشدا پێکیەوەیان نابەستێتەوە، هەروەکو گۆنتەر گراس کە بەبێ لەخۆبایبوون لەکاتی یەکتر بینینیان لە بەرلین وتی: (ئێمە بەو سیفەتەی ئەدیبین خۆمان فرێداوەتە ناو قوولایی سیاسەتەوە) . هەروەها گۆنتەر گراس وتەیەکی بۆ سوپاسگوزاری یەشار کەمال پێشکەشکرد، کاتێك کە لەساڵی ١٩٩٧ خەلاتی ئاشتی یەکێتی بلاوکەرەوانی ئەڵمانی بەدەستهێنا.

## پەیمانشکێنیی، شەڕانگێزی هەتاهەتاییە

یەشار کەمال بەیەکێك لە داواکارانی ئاشتی کۆمەلاتیی و پێدانی مافی کەمایەتییەکان دادەنرێت، ئەو چالاکییە کۆمەلایەتییانەی کە نووسەری سۆشیالیزمی یەشار کەمال پێیهەڵدەستا هەروا بێ دەردیسەریی دەرنەدەچوو، نووسەر بەهۆی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانی چەندجارێك رووبەرووی زیندانیکردن بووەتەوە، دواجار لەساڵی ١٩٩٥ دادگای تورکیا، بەقەدەغەکردنی لەنووسین لە بارەی دۆزی کوردەوە

بۆ ماوەی پێنج ساڵ سزای دا، دوای ئەوە بەدوو ساڵ یەشار کەمال وتی: (هەرگیز لەم دەوڵەتە خۆشنابم) ، ئەمەش لەکاتێکدابوو کە زانی دادوەرەکان سەرلەنوێ رۆشنبیری چەپی نابینا، ئیسبەر یەغموردرلی (Esber Yagmurdereli) یان لەزیندان توندکرد، لەوساوە چەند ساڵێك لە تورکیا تێپەڕیووەو ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی بەربلاو لەڕووی سیاسی و کۆمەلایەتییەوە گۆڕاوە.

لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی تورکیا پێیان سەیر نەبوو کە یەشار کەمال لەکۆتایی ساڵی رابردوودا یەکەم کەس بوو کە خەلاتی سەرۆکی دەوڵەت بۆ رۆشنبیریی، پێدرا، کە داهێنراوێکی تازەیە، ئەوەی زیاتر چاودێرەکانی سەرسامکرد، ئەوەبوو کە یەشار کەمال رەتینەکردەوە کە خەلاتەکەی لەلایەن سەرۆك عەبدوڵلا گویل-ەوە پێبدرێت، پاشان یەشار کەمال رایگەیاند کە بەنیازبووە خەلاتەکە رەتبکاتەوە، بەلام دوای بیرکردنەوە بڕیاریدا، دوای ئامۆژکاریکردنی لەلایەن راوێژکارەکانی عەبدوڵلا گویلەوە، رازییان کرد کە رێگا بۆ هیوا خۆش بکات، یەشار کەمال دەڵێت: (دەکرێت ئەم خەلاتە ئاماژەیەك بێت بۆ کرانەوەی رێگەی ئاشتی کۆمەلایەتی) .

## دوورکەوتنەوە لە پێشبینییە رۆشنبیرییە تاك رەهەندییەکان

لەهیچ گفتوگۆیەکدا لەبەرلین باسی پێدانی خەلاتە رۆشنبیرییە تورکیەکە بە یەشار کەمال نەکرا، هەروەك باسی ئەم خەلاتە نە لەلایەن عوسمان ئۆکانی بەڕێوەبەری کۆبوونەوەکە لەمونتەدای ئەڵمانیاو تورکیای رۆشنبیریداو نە لەلایەن هاوڕێ نووسەرەکەی گۆنتەر گراس-ەوە نەکرا. لەبری ئەوە ئامادەبووان باسی ئەو شێوازەیان کرد کە پێویستە ئاشتی کۆمەلایەتی لە هەر دوو وڵاتەدا وەربیبگرێت.

هەردوو نووسەر وتیان ئێستا کاتی هاتووە لەتورکیاو ئەڵمانیادا بۆ (دوورکەوتنەوە لەپێشبینییە تاکرەهەندییەکان لەکۆمەڵگەدا).

ئەوەشیان روونکردەوە، کە نە لێرەو نە لەوێ و لەهیچ سەردەمێکدا لەیەکچوونێکی زمانەوانی یان رۆشنبیریی نەبووە، هەردوو نووسەر کۆکبوون لەسەر ئەوەی پێویستە نکوڵی لەو هەمەجۆرییە نەکرێت، بەڵکو پێویستە وەکو سامانێك لەبەرچاو بگیرێت. گۆنتەر گراس ئاماژەی بەدەوڵەمەندیی ئەدەبیاتی ئەڵمانی کرد لەلایەن کاری کۆچبەران و نەوەکانیانەوە، هەروەها گراس وتیشی: (بەلام ئەدەب و کۆمەڵگە زۆربەی توانستە گەورەکانیان لەدەست دەدەن لەڕێی پەراوێزخستن و دوورخستنەوەوە) .

## لە پێناوی ناساندنی کەمایەتی رۆشنبیریدا

“ئەوانەی گۆرانییە میللییەکان دەنووسنەوە زۆر بەهێزترن لەوانەی کە یاساکان دادەڕێـژن) . یەشار کەمال روونیشیکردەوە، کە دانپێدانانی تورکیا بەکۆمەڵە





جیاوازەکانی دانیشتووانی و کەمینە نەتەوەیی و رەگەزییەکانی، مەسەلەی مانەوەی تورکیا پێکدەهێنێت، هەروەها وتی: (ئەمە بەسەر تورکەکان و کوردەکانیشدا دەچەسپێت) . ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو بەو سیفەتەی نووسەرە، دەتوانێت بەشێوەیەکی باش بڕی ئەو زیانە هەڵبسەنگێنێت کە بەزمانی کوردی گەیشتووە بەهۆی قەدەغەکردنیەوە، کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە تورکیا بەردەوامبوو.

یەشار کەمال وتی (لەبەر ئەم هۆیەیە کە لەتورکیادا کاری گرنگی نووسراو بەزمانی کوردی نابینرێت) . ئاماژەی بەوەشدا کە خودی خۆی ناچار بووە رووبکاتە رۆشنبیریی دەوڵەمەندی زمانی تورکی بۆ بەرهەمهێنانی کارەکانی. ناوەرۆکی وتەکانی ئەم دوو رۆماننووسە ئەوەیە کە ئەدەب و کۆمەڵگە بەرایەڵەیەکی تۆکمە پەیوەستن بەیەکەوە.

گراس وتی: (ئەدەب هەمیشە چارەسەری رەتکردنەوەی کۆمەلایەتی و سیاسییە) .

## هێزی بیرمەندو شاعیران

هەردوو پێشڕەوی ئەدەبی هاوچەرخ، لەمیانەی دیدارەکەیاندا لەبەرلین، گیانێکی زیندوو و پڕجۆشیان بەخشیە گەنجان بۆ خەباتکردن و تێکۆشان، لەو هۆڵە پڕ لەخەڵکەداو لەکاتی ئیمزاکردنیان لەسەر چاپی رۆمانەکانیان، کە خوێنەران پێیان گەیشتن. گۆنتەر گراس کە تەمەنی ٨١ ساڵەو لەپێش هەموو شتێکدا رەخنەی لەحکومەتی ئەڵمانیا گرت و مامەڵەی تورکیای لەگەڵ ئەو قەسابخانانە لەکەدارکرد کە تووشی ئەرمەنەکان هاتوون و نووسەری خاوەن خەلاتی نۆبڵ کارەساتەکەی بە (جینۆساید) لەقەڵەمدا.

یەشار کەمال جارێکی دیکە وتی: (زیندان قوتابخانەی نووسەرە تورکەکانە). یەشار کەمالی تەمەن ٨٥ ساڵ، وتی: (بەردەوام چقڵێك دەبین لەچاوی بەهێزەکاندا)، بەپشتبەستن بەوتەی نموونەو سەرمەشقەکەی، جەواد شەکیر (Cevat Sakir)، راوچیەکەی هالیکار ناسوس (Halikarnassos) وتی: (ئەوانەی گۆرانییە میللییەکان دەنووسنەوە بەهێزترن لەوانەی کە یاساکان دادەڕێژن) .

**سەرچاوە:**

قنطرة ٢٠٠٩

# ئاخۆ مەرگ پیاوە؟

## رەخنەیەك لەسەر جنسییەتی مەرگ

و: ئازاد بەهین

لەسەر دەرگای کڵێسەی باکووری گوتنبێرگ رستەیەك نووسراوە کە پێویست بە وەبیرهێنانەوەو باسکردن ناکات: (بیر لە مەرگ بکەرەوە!)

مەرگ لە خەونەکانی منداڵیمدا ئەو ژنە قژ رەشە جەستە بچووکە بوو کە نیگایەکی وشك و بێرۆحی هەبوو. دەهات و ملمی بە دەستە بچووك و لاوازەکانییەوە دەگوشی. راکردن سوودێکی نەبوو، خێراش کە رامدەکرد، دیسان پێم دەگەیشتەوە.

دوای ماوەیەکیتر -لە سەردەمی مێردمنداڵیمدا- کە سەبارەت بە عەشق و مەرگی رۆمانتیك بیرم دەکردەوە، ئەم رووخسارە تورەو تۆسنە، روخسارێکی نەرمتری بە خۆیەوە گرت.

من شیعرو چیرۆکێکی زۆرم لەسەر مەرگ خوێندووەتەوە. کارێن بۆیە، ئێدیت سودێرگران و ئێستگنە لیۆس لە شیعرەکانی(نەمان، بە پەلەو ئەم بووکە خۆشەویستەدا...)

بۆچی مەرگ لە هونەرو ئەدەبیاتی ئەورووپای باکووردا -لە سەدەی ناوەراست بەولاوە- بەردەوام وەك پیاو وێناکراوە؟ یان بۆچی لە دەوروبەری مەدیترانەو کەلتووری ئیسلامیدا مەرگ رووخسارێکی ژنانەی هەیە؟

کارێل ئێس گۆتك پرفیسۆری ئەڵمانی بەشی هونەرو ئەدەبیاتی زانکۆی هاروارد لە وتارێکی قورسدا بەناوی (جنسییەتی مەرگ) چاوێکی تازە دەخشێنێت بەسەر جنسییەتی مەرگدا. ئەو لەم بابەتە قوورسەدا کە پڕە لە نموونەو شیکردنەوەی بەشەکانی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی سەردەمە جۆراوجۆرەکان، توێژینەوە لەسەر روانگەی ئەوروپاییەکان دەکات بە دیاردەی مەرگ. هەوڵی ئەو باسکردنی رێکوپێك و





سادەکردنەوەی مێژوویەکە کە هەرگیز سادە نییە.

زۆرێك گوناهی جیاوازبوونی جنسییەتی مەرگ لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا دەخەنە ئەستۆی جیاوازبوونی راناوەکانی رەگەزی لە رێزمانەکاندا. (Der ted) نێرینەی ئەڵمانی لە زمانی فەرانسی، ئیتاڵی و ئیسپانیدا مێینەیە.

دابەشکردنێکی دادپەروەرانە: پیاو لە باکوور و ژن لە باشوور!

لە **Duidoelogie** بەرهەمی ماریا رێلکە رانێـدا مەرگ ژنە. شانۆنووسە فەرەنسییەکان لەوانە ئانێسکۆو ئاناوس رووخسارێکی پیاوانەیان بە مەرگ بەخشیوە. لە ئەدەبیات و رێزمانی کۆنی ئیتاڵیدا مەرگ بە شێوەی (شا)یان (رابەرو فەرماندە) و یان (خوا) کێشراوەتەوە و هەڵبەت ئەوانە هەموو پیاون.

دەبێت بوترێت کە لە زۆرێك لە زمانەکاندا مەرگ بێ جنسییەتە. سەرەرای ئەوە روون نییە کە ئاخۆ دەبێ پەیوەندییەکی دیاریکراو لە نێوان جنسییەتی وشەیەك و بەرداشتە دەروونی و زینیەکانی مرۆڤەکاندا هەبێت.

یەکێکی‌تر لە هۆکارەکانی جیاوازبوونی جنسییەتی مەرگ دەتوانێ بیچم و دروستکراوی کۆمەڵگا بێ. لە کۆمەڵگاکاندا راوکردن، مەرگی زاڵم و خوێناوی بە توندوتیژی پیاوانە دەشوبهێندرێ لە کاتێکدا کە کۆمەڵگای بچووك بەهۆی تووشبوون بە بەلآ سروشتییەکانی وەکوو نەبوونی، نەخۆشی و هەژاریی - کە تایبەتە بە کۆمەڵگای بچووکەوە- مەرگ بە (دایکی زەوی یان خاك) دەشوبهێنن.

رووخساری ژنانەی مەرگی ((ئیلاهەی خەباتکار)) لە سالآنی تاعوونی ١٣٠٠ ئیتالیادا بەشێوەی پیاوانە وێناکراوە. گۆتك جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا لەم وێنانە کەمتر دەتوانرێت پەیدابکرێت.

ئەوەی جێی سەرەنجە سیمای جیاوازی مەرگ نییە، بەڵکو (شکڵی مرۆیی) مەرگە. شکڵێك کە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هاوبەشە. لە هیچ کوێ دێوێك لە فەزا نایەتە خوارێ تا دەستی ساری بخاتە سەر دڵمان. مەرگ لە جلی یەکێك هەر لەو مرۆڤانەی گۆی زەویدا بۆ مان دەنێردرێت.

(فرانك شۆفیری ئامبۆلآنس لە شیفتی شەوانەدا لە شاری نیۆیۆرك کاردەکات. ئەو دووسەد جار دەور لێدەداتەوە. هاوکارەکەی فرانك لە لای دانیشتووەو لە ژێر لێوییەوە پرت و بۆڵە دەکات.

شەقامەکان پڕن لە جنۆکەو پەری: ئاوارەکان، بێ ماڵەکان، مۆعتادەکان، گەندەڵەکان و ...هتد و نەخۆشخانە بەو هەمووە نەخۆشەوە لە شێتخانە دەچێت. فرانك رووخساری لەرووخساری عیسا مەسیح دەچێت. ئەو لە هەوڵی رزگارکردنی ژیانێك دایە، بەڵام مەرگ زووتر لەو ئامادە دەبێ و لە دەرگای ماڵی نەخۆشەکان دەداو هەڵیاندەخەڵەتێنێ.

کەواتە فرانك خۆی بەدەست هێزی مەرگەوە داوەو دەستهەڵدەگرێ لە هەوڵدان

بۆ رزگارکردنی نەخۆشەکان و بڕیار دەدا دەزگای ئۆکسیژەنی بانگکراوان بۆ مەرگ بپچڕێنێت. ئەو کارە دەکات و ئەهوەن دەبێتەوە -ئەڵبەت بە مەعشوقەکەشی دەگات.) فرانك کەسی یەکەمی **Bringing out the dead** بەرهەمی مارتین ئێسکرسێس بەڵێن و پەیمانی خوایی ئەشکێنێت و بە ئەهریمەن پەیوەست دەبێت. بێگومان دەسکەوتی ئەو لەو هەمووە فیلمە، نەفرەتی ئەدەبی و عەشقە.

لە ئەورووپادا بەردەوام ئوستوورە ئایینییەکان فۆرمیان بە ئەدەبیات و هونەر داوە. سەرەڕای ئەوەی کە گۆتك هەوڵدەدات لە گشت بێژی سەبارەت بە مەرگ خۆ بپارێزێت- بەڵام چونکە دەیەوێت تا جۆراوجۆری وێنەی مەرگ بکێشێتەوە، دەکەوێتە داوەوەو قسە لە ئادەم و حەوا دێتە گۆڕێ و دەڵێت: (گوناهی نەمانی مرۆڤ لە سەر شانی ئەوانە. لەبەر ئەوەی دیکە خوا بەبۆنەی گوناهی ئادەم حوکمی مردنی مرۆڤیدا نەك بە بۆنەی گوناهی حەوا.) لە سەدەی ناوەڕاستدا ئاوەها (مەرگ دەبێ بە پیاوانە). لە زۆرێك لە وێنە بە جێماوەکانی ئەو سەردەمە -وەك تابلۆی (سەمای مەرگ)- چیرۆکی دەرکرانی ئادەم لە بەهەشت کێشراوەتەوە.

لە کۆتایی سەدەی ناوەڕاستدا -وردە وردە تیری گوناه بەرەو حەوا دەچێت: ئایا گوناهی مردنی مرۆڤ لە ئەستۆی حەوا نەبوو؟ ئایا ئەوە ئەو نەبوو کە یەکەمجار قەپی لە سێو گرت؟

لە یەکێك لە بەرهەمەکانی ئالدگرە وێرـدا (لە سەرەتای ١٥٠٠) ئێسکلتێك بە قژی درێژ و پەرێشانەوە نمایشکراوە کە لە دەستێکیدا سێو لە دەستەکەی تریدا سەعاتێکی شێنی لە دەستدایە. لەم سەردەمەدا گوناهی ژن تەنیا مردنبوونی مرۆڤ نییە، بەڵکوو حەزە سێکسییەکانیشی دەبن بە گوناهێك.

لە سەردەمی ڕێنیسانسدا مەرگ وێنەیەکی ئێرۆتیکبوون بە خۆ دەگرێت کە بەرەبەرە بە لوتکەی خۆی دەگات. بە واتایەکیتر سەدەی ناوەراست بەدەست مەرگەوە دەینالاند. دەبێت بوترێ لۆترانیزم وێنەیەکیتری بە مەرگداو مەرگی لەگەڵ ئەهریمەن هاوواتا کرد. لە یەکێك لە تابلۆکانی هانس بۆلدانگدا وێنەی ژنێکی رووت دەبینین کە شەپۆلی دەریا دەموچاوی بەرەو دواوە بردووە. لەم سەردەمەدا ئەهریمەن روخساری ژنانەی نییە. بەڵکوو دوو رەگەزە.

هەڵبەت دەزانین کە شاعیران و شێوەکارانێکی زۆر مەرگیان رۆمانسی و عاشقانە وێنا کردووە. لە ئەفسانەکانی ئەم سەردەمەدا تەنتانۆس لە شکڵی مرۆڤێکی جوان و ئازار دیتوودا دەبێتە شکڵی ئایدیالێکی رۆژگاری خۆی. ئەو زاوای هەموو رۆحەکانە، هاورێیەکی باشە کە بەڵێنی نەمری و ئەمنییەت و ئاسایش دەدات. بەڵام لە نیوەی کۆتایی ١٨٠٠دا دووبارە ژن رۆڵی مەرگ لەئەستۆ دەگرێتەوە. دایکی مەرگ وەك مەعشوقە، ژنی دەستفرۆش و ... لە نێوان سێبەرەکاندا سەر دەردێنێ. (شیعری ترسناك) بەرهەمی چارلێز بودلێر، (خاتوونی مەرگ) بەرهەمی ماریا ریلکە لەم

وەرگێران



چەشنە بەرهەمانەن. لە تابلۆی (گۆشەی شەقام)دا بەرهەمی فلێسیین رۆپ، کچ خراپکارێکی پیرە کە بە دەمامکێکەوە پیاوان هەڵدەخەڵەتێنێت.

شانۆنووسە ئەڵمانییەکان لەوانە مولێرو برێشت -وێنەیەکی دایکانەیان بە مەرگ بەخشیوە!

لە راستی هۆی ئۆرۆتیکەو فێمێنیزەکردنی مەرگ چییە؟ ئاخۆ ژنی تۆڵەسەنەرەوەی لێخۆشنەبوون تەنیا پەرچەکردارێکە دژی فەرهەنگە راسیۆنالیستەکان؟ بە بۆچوونی گۆتك، سیمۆن دۆبوار نموونەیەکی باشە لەم دەستەیە. پیاو وەك بوونەوەری بیۆلۆژیکی لە ژن دەترسێ. ژن ئاوس دەبێ. ژن زاوزێ دەکات و مرۆڤبوون پیاوی بەگوێ دا دەدات... .

دامەزراوە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، بەشە ئایینییەکان و ئوستوورەکان باشترین بەڵگەن کە دەتوانن رووخساری مێژوویی مەرگمان پێ نیشان بدەن. کارێك کە بە ڕێزمانەکان ناکرێت.

لە دوایین وتەکانی گوتکدا تانوپۆی ئاڵۆزیی دامەزراوەکان و جیاوازییە بیری- عەقیدەتییەکان شاراوەیە. لە نووسراوەی ئەودا وێنەگەلێکی جۆراوجۆر لە (جنسییەتی مەرگ) نیشان نادرێ. بەڵام ئەو پرسیاری سادەی خۆی کە ئێمە بۆچی دەبێت بیر لە مەرگ بکەینەوە؟ بێ وەڵام جێدێڵا و دەڵێت:

(نیوە شەوێك کە کورەکەم لە خەو هەڵستێنێ و بپرسێ کە مەرگ چییە، وەڵامی ئەدەمەوە: ئێستا کاتی بیرکردنەوە نییە لەم قسانە. تۆ زۆر دەژی. ئێستا بچۆ بخەوە! و هەڵبەت ئەو خەوی لێ ناکەوێ.) گۆتك لە درێژەدا دەڵێت وێنە دروستکردن لە شتێك کە بوونی نییە چ سوودێکی هەیە؟ ئێمە هەرگیز ناتوانین وێنەیەك لە مەرگ بکێشینەوە و رێك هەر بەم بۆنەوە دەبێت بچینە سەر وێنەگری. ئێمە بە ناو بەخشین بە بێ ناوەکان و فۆرم دان بە بێ فۆرمەکان- واتە ئەوەی کە نەمانی ئێمەیە- کارێك دەکەین کە بێ ناوەکان و بێ فۆرمەکان هەستیان پێ بکرێت. لە کۆتاییدا: مەرگ لە ژیان جیا نییە. مەرگ بەشێکی جیانەبووە لە ژیانە.

نووسینی: ئالێن ستینگ: **Oline Sting**

وەرگێر بۆ فارسی: رباب محب

سەرچاوە:

http://www.robabmoheb.com/dead_men.htm

وەرگێران

## وتووێژی (گاردیەن) لەگەڵ ماریۆ بارگاس یۆسا

# ئەدەب کار و کاسبی منە!



و: سۆران خدری پوور

(ماریو بارگاس یۆسا) لەکاتێکدا کە چاکەتێکی وەرزشی و کراسێکی سووری لەبەردایە، دەڵێت: (ئەدەبیات کارو کاسبی منە! هیچ کات ئامادە نیم دەست لەم جیهانە پڕ لەفەنتازییە هەڵگرم و خانەنشین بم. منیش پێمخۆشە بڕۆمە سەر شەقام. (بارگاس یۆسا یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی ئەدەبی ئەمریکای باشوور. ژیانی پیشەیی خۆی لەتەمەنی ١٥ ساڵیەوە دەستپێکردووە، واتە ئەو کاتەی لەشاری لیما، هەواڵنێری بەشی تاوانەکانی رۆژنامەی (لاکرۆنیکا) بوو. یۆسا ئەم رۆژانەش هەر رۆژنامەنووسەو ستوونێکی لەرۆژنامەی ئیسپانیایی (ئال پائیس) هەیە کە ئەم ستوونە ئەوی سەرقاڵکردووە دەربارەی بابەتی جیاواز، لەوانە شەڕی عێراق و پرسی هێرشی روسیا بۆ خاکی جۆرجیا دەنووسێت. هەرچەن یۆسا هەردەم جیاوازی دادەنێت لەنێوان رۆژنامەنووسی و ئەدەبدا، بەڵام جیهانی دەرەوەی ماڵەوەی (کارە سیاسییەکانی) کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر جیهانی نووسینی ئەو.

یۆسا دەڵێت:"کە دەنووسم بەئازادیی تەواوەوە دەنووسم، بەڵام پێویستم





بەپاڵپشتێکی پتەوە. "یۆسا لەم رۆژانەدا خۆی ئامادە دەکات بەوەی سەفەر بکات بۆ وڵاتی کۆنگۆ بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات بۆ نووسینی رۆمانی دواتری. خۆی لەم بارەیەوە دەڵێت: (ئەم سەفەرە دیمەنێکم پێ نیشاندەدات. دەبێت بڕۆم بۆئەوەی لە نزیکەوە بۆنی ئەوێ بکەم و هەستی پێبکەم. ئەم سەفەرە بەستێنێکە کە ئیزنم پێ دەدات لەبارەیەوە بنووسم. لەم سەفەرەدا رووداوە راستە مێژووییەکان بەلامەوە گرنگ نییە، بەڵام دەبێت دڵنیا بم و ئەم سەفەرە ئەم دڵنیاییەم پێدەبەخشێت. "یۆسا بۆ نووسینی رۆمانەکانی سەفەر دەکات، بۆئەوەی لەم رێگایەوە لەهەر چەشنە دەمارگرژیی و یەك لایەنە دیتنێك دووربکەوێتەوە. لەم بارەیەوە دەڵێت: "دەزانم لەرۆمانەکەدا چی بەسەر کۆنگۆ دێت، من تا ئەمرۆکەش زۆرم لەبارەی ئەم ناوچەیەوە خوێندووەتەوە، بەڵام کە لەگەڵ راستیدا روو بەروو دەبمەوە شتێکی جیاوازم دەستدەکەوێت".

یۆسا لەم رۆمانەدا بەدوای شوێنپێی "راجر کیمنێست"ەوەیە. "کیمنێست" قونسولی بەریتانیا بوو لەکۆنگۆ، ئەوکەسەی کە دواتر بوو بەناسیۆنالیست و نەتەوە پەرەستێکی ئایرلەندی و سەرەئەنجام ساڵی ١٩١٦ بەتاوانی خیانەت کوژراو دەوڵەتی بەریتانیاش لەبەر ئەو شتانەی کە لەبیرەوەرییەکانیدا نووسیبووی ناوناتۆری منداڵبازیی خستە پاڵی. یۆسا زۆر لەدڵەراوکەی ئەم سەفەرەدایەو دەڵێت: "کیمنێست قارەمانی رۆمانێکە کە لە ئیرلەندا، کۆنگۆ، بەرلین و ئەمازۆن و چەند شوێنێکی دیکە لەوانە ئاولستێر کە من هیچکات نەرۆشتووم، دەژی. "بارگاس یۆسا دەڵێت: "کیمنێست لەبنەماڵەیەکی پرۆتستانت و لایەنگری بەریتانیا لەئاولستێر، لەدایکبوو. ئەو دەم هێشتا مێردمنداڵ بوو هۆگری گەران بوو بەسەرزەمینەکانی بەریتانیای گەورەداو ستایشی ئیمبراتۆری دەکرد. تەمەنی ١٩ساڵان بوو رۆیشتە ئەفریقا، کە رۆیشتە کۆنگۆ بوو بەکەسێکی دیکەو ئەو سەردەمە بوو کە روانگەی دەربارەی ئیمبراتۆری گۆڕاو بوو بەدژە ئیمبراتۆرو بووە نەتەوەپەرەستێکی تەواو، هەر ئەو سەردەمە بوو بەقۆنسولی بەریتانیا لەکۆنگۆو خزمەتی بەئیمبراتۆری دەکرد. "هەندێك کەس کیمنێست بەقارەمانێك دەزانن، بەڵام زۆرن ئەوانەش کە بەکەسێکی خراپی دەزانن. لەئیرلەنداش زۆر کەس لەبەر خواستە جنسییەکانی کێشەیان هەیە لەگەڵیدا. بەشێك لەژیانی لەتاریکییدایەو زۆر شوێنیشی نادیارە، هیچ کاتیش دەرناکەوێت و ئەمە بەو هۆیەوە بووە کە کەسێکی پڕ نهێنی بووە، بەتایبەت لەسەردەمی ژیانی تایبەتیدا. بۆ وێنە زۆر باس هەیە دەربارەی هێمۆسێکسواڵ بوون و منداڵباز بوونی، کەسێش حەقیقەت نازانێت و رەنگە هیچکاتیش راستی دەرنەکەوێت. کەسایەتییەکی پارادۆکسی بووە، کەسایەتییەکی زۆر باش بۆ نووسینی رۆمانێك. "بارگاس یۆسا پێیوا نییە ئەوە راستە کە ئەو قامکی خستووەتە سەر بابەتێکی هەستیار، چ ئەوەی سپی پێستێك لەئەفریقا دەیەوێت رۆمان بنووسێتو چ ئەوەی کەسێکی خەڵکی پیرۆ بۆچوونی خۆی دەربارەی

مێژووی بەریتانیاو ئیرلەندا دەردەبڕێت. یۆسا لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەگەر نەپەرژێتە سەر ئەم بابەتانە ئەو کات وەك ڕەگەزپەرستێك دەخرێتە لاوە. دەڵێت: "ئەگەر وەها سەرنج و بۆچوونێکم نەبێت، ئەو کات دەبێت دانیشم و تەنها دەربارەی ماڵی خۆمان ڕۆمان بنووسم".

کە ماریۆ بارگاس یۆسا باس لەسەفەرەکەی دەکات بۆ کۆنگۆ، ئاگادارە لەئەرکەکانی چ وەك ڕۆماننووس و نووسەرێك و چ وەك ڕۆژنامەنووسێك. ئەوە ڕاستە یۆسا دەیەوێت ڕۆمانێکی مێژوویی بنووسێت، بەڵام بەرادەی پێویستیش بڕیارە دەربارەی ئێستا قسەبکات. دەڵێت: "زۆر شت هەیە کە لەکۆنگۆ وەك خۆی ماوەتەوەو نەگۆڕاوە، کۆنگۆ یەکێکە لەتراژیترین وڵاتانی جیهان و ئەزموونێکی ترسێنەری هەبووە وەك وڵاتێك کە لەلایەن لئۆپالدی دووەم پادشای بەلژیکەوە کۆلۆنیالیزە کراوە. لەو کاتەوە تائێستا تا دێ دۆخەکەی خراپ و خراپتر دەبێت". لەدرێژەدا دەڵێت: "بەپێی ئامار لە دە ساڵی ڕابردوودا، ٤ تا ٥ ملیۆن کەس لەکۆنگۆ کوژراون، بەڵام هەواڵەکانیان لەڕۆژنامەکاندا بڵاونەبووەتەوە. ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی کۆنگۆ هێشتا گرفتاری ئەو کێشانەن کە کۆنرادو کیمنێست لەگەڵیدا ڕووبەڕوو بوون و کێشەکانیان نەگۆڕاوە".

بارگاس یۆسا لەو کاتەوەی دەستیکردووە بەکاری ڕۆژنامەنووسی، چاوەکانی کراوەبوون. سەردەمانێك وازی لەپشتیوانی لە "فیدڵ کاسترۆ" هێناو بوو بەلایەنگری بازاڕی ئازادی کاپیتالیزم شکەست لەهەڵبژاردنەکانی ١٩٩٠ی پیرۆی ئەزموون کردو چرای مارگارت تاچر، ڕووگەی سیاسییەکەی، بوو بەڕێنوێنی. یۆسا ئەم ڕۆژانە لەناو جەرگەی قەیرانی ئابووری بانکداریی جیهانیدایەو هێشتاکە هەر لایەنگری بازاڕی ئازادەو دەڵێت: "هیچ ئابووریناسێکی لیبراڵ ناتوانێت کاریگەری و هەیمەنەی ئەمریکا لەبەرچاونەگرێت". لەدرێژەدا دەڵێت: "نئۆلیبرالیزم ئایدۆلۆژیا نییە، دکترینێکە. خۆی بەسەر واقیعدا ناسەپێنێت، بەڵکو لەگەڵ حەقیقەت و ڕاستیدا دەسازێت لەهەندێك لەدۆخە تایبەتەکاندا، تارادەیەکی کەم کاریگەری و هەیمەنەی ئەمریکا جگە لەوەی یاساییە، بەڵکو شتێکی ڕەوایەو ناکرێت دووری لێ بکرێت".

بارگاس یۆسا ئاگاداری بەشێك لەگەندەڵییەکانی جیهانی کاپیتالیزمە، ئەو گەندەڵییانەی بازاڕی شێواندووەو بووە بەهۆی تێکشکاندنی بانکەکان. یۆسا لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەوروپاییەکان لەدۆخێکی باشدان و دەتوانن لەم قەیرانە ڕزگاریان بێت، بەڵام دەڵێت: "شتێکی ناعادیلانەیە ئەوانەی کە باجدەدەن، واتە ئەو کەسانەی کە ئەم قەیرانەیان سازنەکردووە، باجێکی زۆریان لێ وەربگیرێت بۆئەوەی لەم قەیرانە ڕزگاریان بێت. یەکێتی ئەوروپا، لایەنگری ئەوروپاییەکان بوو. ئەگەر یۆرۆ نەبایە، بەدڵنیاییەوە، ئەمڕۆکە ئەوروپاش دەکەوتە داوی ئەم قەیرانەوە". ماریۆ باگاس یۆسا، باکی نییە لەگۆڕینی بۆچوونی و ئەو باسانەی دوای گۆڕانی بۆچوونی دەکەوێتەوە.



ئەو دژ بەهێرشکردن بوو بۆ سەر عێراق، بەڵام دواترو ساڵی ٢٠٠٣ پشتیوانی کرد لەجەنگی عێراق. یۆسا کەمتەرخەم نییە بەرامبەر بە بەدبەختی و نەهامەتییەکانی عێراقییەکان و جەنگی عێراق بەجەنگێکی تراژیك دەزانێت، بەڵام هاوسەنگییەکە بەتەواوی بەنێگەتیڤ نابینێت. لەم بارەیەوە دەڵێت: "بۆ یەکەمجار عێراق دەوڵەتێکی هەیە کە بەدەنگی خەڵك هەڵبژێردراوە. من لەسەر ئەو باوەڕەم کەسێکی وەك سەدام تازە لەم وڵاتە سەرهەڵناداتەوەو من لاموایە عێراق بەرەو دیموکراسییەکی گشتگیرو فرەلایەن دەڕوات".

بارگاس یۆسا هیوادارە بەگۆڕانی دیموکراتیك لەئەمریکاو بەریتانیا. لای وایە ئەم گۆڕانانە لەبۆچوونەکانی باراك ئۆبامادا ڕەنگدەداتەوە. ئەو دەڵێت: "لاموایە زۆر کارێکی باشە ئەمریکاییەکان ڕەش پێستێکیان بردە کۆشکی سپی". یۆسا، تۆنی بلێر بەموریدی ڕاستەقینەی تاچر دەزانی و بەم بۆنەیەوە ئافەرینی پێدەگوت، بەڵام لای وا نییە کۆتایی سەردەمی حیزبی کرێکار کۆتاییەکی تراژیك بێت. یۆسا دەڵێت: "ئەگەر باوەڕت بەدیموکراسی هەبێت باوەڕیشت بەئایدیای ئەڵتەرناتیڤ هەیە. لەبەریتانیا بەتەواویی ئەڵتەرناتیڤ شوێنکەوتووە، هەر بۆیە لەبەشێکی زۆر لەوڵاتانی جیهان کە من لێی ژیاوم دیموکرات ترە. دیموکراسی تەنها عورفێك نییە، بەڵکو جەوهەرەیە."

ماریۆ بارگاس لەسەر ئەو باوەڕەیە ڕۆحی ئەمریکای لاتین لەمەترسیدایە. ئەم مەترسییە لە "هۆگۆ چاوێز" لە ڤەنزویلاوە بگرە تا "ئاوا مۆرالێز" لە بۆلیوی بەربڵاوە. دەڵێت: "ئەم ڕێبەرانە وەك کاسێتێکی خراپ وان کە بەردەوام یەك شت دەڵێنەوە، ترسێك و سیاسەتێك دووپات دەکەنەوە". یۆسا لایەنگری "چەپی دیموکرات"ە، ئەو سیستمەی کە ئەمڕۆکە سەرۆك کۆمار "لۆلا" لەبەرازیل و "میشیل باشلە" لەشیللی دایمەزراندووە. یۆسا لای وایە وڵاتەیەکگرتووەکان لەئێستادا زۆر سەرنج دەدا بەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق و چین، هەر بۆیە هیوادارە بەم شێوەیە ئەمریکای لاتین خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و لەخۆیدا چاکسازیی بکات. یۆسا دەڵێت: "(سەرەی من تەواو بوو)و دڵنیام چاوێزو مۆرالێز دەبن بەتێمی ڕۆمان و ئەدەبی بەرەیەکی نوێ لەنووسەران و دەبێت چاوەڕوانی دادوەریی ئەدەب بین". یۆسا دەڵێت: "زۆر زوو کتێبێك دەربارەی چاوێز دەنووسرێت، ماوەیەك بووەستن تا ڤەنزویلاییەکان نموونەیەکی لەچەشنی ئەو پەیدا بکەن".

سەرچاوە:
http://sibegazzade.com/main/?cat=١٣



# تاك، كۆ

## ئەلبێرتۆ موراڤیا

و: شەریف فەلاح

ژنێكم بیرمەندو بێدەنگ، كە پێمخۆشە هەمیشە گوێم لە شت بێ‌و بیسەر بم. ناهێڵم بیرم بۆ هیچ شوێنێك هەڵفڕێ‌و بۆ خۆمی رادەگرم. رووخساری خڕو پێكەنیناوی‌و خوێنشیرین‌و جوانم ئەم كارەم بۆ ئاسانتر دەكات، رووخسارێكی وەك بووكەڵە. بەراستی مەگەر غەیر لەمەیە كە كاتێك كەسێك بیرو هەستەكانی دەرنابڕێت، دەڵێن رووخساری وەكو بووكەڵە بێرۆحە؟ بە خۆشحاڵییەوە مێردێكم هەیە عاشقی دوین‌و قسەكردنە، لانیكەم بەو ئاستو رادەیەی كە من پێمخۆشە بیسەر بم. مێردەكەم لە نموونەی ئەو كەسانەیە كە پێیان دەڵێن رۆشنبیر، بەڵام هیچ شتێك نانووسێت، چونكە ئەو پێیوایە نووسین بە واتای راوەستانی چالاكیی زەین‌و ئەندیشەیە. چالاكییەكانی بەم شێوەیە: مێشكی هەر رووداو یان مەسەلەیەكی تایبەت دەستبەجێ وەردەگرێ‌و دەیانكات بە بیروراو بیرۆكەی ئیتیزاعی‌و گشتی. بە واتایەكیتر هەر رووداو یان مەسەلەیەكی تایبەت‌و بەرهەست، بە شێوەی تاك دێ بە مێشكدا مەگەر جگە لەمەش شتێكیتر لە ئارادایە؟ بەڵام كاتێك لەسەری دەدوێ بێ ئەملاوئەولا كۆیان دەكاتەوەو بە شێوەی گشتی دەریان دەبڕێت. لێرەدایە كە ئیدی ئەو رووداو یان مەسەلەیە، گشت ناوەرۆكی خۆی لە دەست دەدات‌و دەبێتە شتێكی نائاسایی. بۆ وێنە ئەم رۆژانە كە بارانی هاوینی دەبارێت، ئاخۆ دیمەنێكی جوانتر لە كۆلكەزێرینە لە ئاسمانی جادەیەكی ئێلاخی هەیە، ئەویش بە تیشكێك لە رووناكیی خۆی، لە نێوان پەڵە هەورە خۆڵەمێشییەكاندا؟ كۆلكەزێرینەیەك لە ناو گژوگیای بەرینی شێوو لاپاڵی سەرسەوزەوە سەردەردێنێت‌و لەو



كاتەدا سەرەرای بوونی تیشكی هەتاو، بە خوڕ باران دەبارێ‌و دڵۆپەكان و لق‌وپۆپی دارەكان كە پڕن لە ئاونگی بارانی روون، خۆیان دەكوتن بە شووشەی ئۆتۆمبێلەكەدا. بەڵام "كۆلكەزێرینەكان" بە شێوەی گشتی (كۆ) بە یاساو تایبەتمەندیی تایبەت بە خۆیان ـ مێردەكەم، هەركە من ئاماژە بەو كۆلكەزێرینە سەر سوورهێنەرە دەكەم، ئەویش باسیان لێوە دەكات ـ چن جگە لە كۆمەڵێك دەستەواژە؟ تەنیا واژەن، شتێكی زێدەتر نین. یەك لەم رۆژانە مێردەكەم وەكو رۆژانی تر چووە سەركار. مرۆڤی رۆشنبیر ئیش‌و كاریشی رۆشنبیرانەیە. ئەو فەرمانبەرەی كۆمپانیایەكی تەبلیغاتییە، بەڵام پێچەوانەی هەموو رۆژان، دوای كاتژمێرێك گەرایەوە ماڵ. من سەرقاڵی كاركردن بووم. لە زمانی ئەڵمانییەوە وەردەگێڕم. كە دیتم بە ئەسپایی‌و، نیگەران‌و خەمبار هاتەت ماڵەوە. لە سەر كورسییەكەوە وەرسووڕام‌و لێم پرسی كە چ رووی داوە. مێردەكەم قەڵافەتێكی وردی هەیە، بەڵام سەری، ئەو كەپۆوە گەورەو درێژەی، لێوی ئەستوورو نیگای توورەو تۆقێنەری، رێك وەكو سەردارانی سەردەمی رێنسانس دەچێ. مێردەكەم دەمامكێكی بە روخسارەوەیە كە مرۆڤ وا تێدەگات بە هەڵە لە شتەكان دەگا. بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد، لە پشت ئەو دەمامكەوە شتێك جگە لەو دەزگا بگۆڕەی مەسەلەی تاك بە كۆ، ناشارێتەوە. بەڵام ئەمجارە، وەك با و خێرا بە گشت بێژیی هەمیشەیی وەڵامی نەدایەوە، سەرم سوورما. پێموابوو، رەنگە مەسەلەیەك كە شڵەژاندوویەتی، زۆر تایبەتی بووە، ئەوەندە تەژی لە وردەكاریی هەستەوەری بووە كە تەنانەت دەزگای بگۆڕەكەشی لە ئینتزاعی بوونی وەزاڵە هاتووە. بۆ چەند ساتێك، كاتێ دیتم بێدەنگ‌و توورە لە ناو دیوەكەدا خوارو ژوور دەكات، هیوادار بووم كە سەرەنجام بۆ یەكەمجار لە ژیانی هاوبەشماندا، بابەتێكم وەك خۆی بۆ باس بكا، كە بۆی هاتۆتە پێش، بە شێوەیەك كە بە تەواوەتی ئاسایی‌و سروشتی بێت‌و هیچ دوو دڵی‌و دردۆنگییەك نەهێنێتە پێش.

كەوابوو بێدەنگ چاوەڕوان مام. دوایی كە دیتم هیچ قسەیەك ناكات، لە سەر كورسییەكە هەستام‌و لە سەر كاناپەكە دانیشتم. لەبەر خۆمەوە گوتم: "خوا دەزانێ چ رووی داوە! هیوادارم، هیوادارم، ئەسڵی رووداوەكەم بۆ باس بكا. ئەگەر بیهەوێ دیسان فرە وێژی‌و گشت بێژی بكات، ئەم جارە ئیدی دەتەقێمەوەو تێهەڵدەچم". بە دەم ئەم بیركردنەوانە، وەك جاران، وەكو بووكەڵەیەكی بێگیان، چاوم بڕیبووە هاتۆچۆكەی، تاكو ئەوەی كە لە ناكاو لە بەردەمم راوەستاو دەستی كرد بە قسەكردن:

- لە راستیدا، ئیشوكارەكان وێناگەلێكی بوونن كە خەڵكانی دی دەبێت پەسندو تەئیدیان بكەن. لە كۆمەڵگا ركەبەرییەكاندا، ئەم گومان‌و وێنایانە هەمیشە مەترسیی نابووتیان لەسەرە .. باشە، كەوابوو دیسان بە شێوەی كۆو ئینتیزاعی. لە ناكاو تێهەڵچووم‌و توورەبووم، جۆرێك كە ئیدی بۆم گرنگ نەبوو كە بزانم چی بەسەر هاتووە. بە تەوسەوە گوتم:

-ئاوەها، ئاوەها، كەوایە ...

پێشتر گوتم که کەللەی مێردەکەم وەکو کەللەی سەردارانی رێنیسانسە، بۆ وێنە رێك وەکو "کول لیئۆنی"ە. ئێستا کول لیئۆنی بێننە پێش چاوی خۆتان که بە هۆی سەرسوورمانەوە واقی ورماوە:

- ئەرێ، شتێك بووە؟

- لەوەی توورەو نارەحەتم که نازانم که چیت بەسەر هاتووە، بەڵام چونکە دیسان باسەکەت بە گشت بێژیی هەمیشەییەوە دەستپێکرد، ئیدی هیچ حەز ناکەم گوێم لێ بێت.

- بۆ ناتەوێت گوێت لێ بێ؟

- چونکە تۆ ئەسڵو راستیی رووداوەکە ناڵێیت.

- کام ئەسڵی رووداو؟

- ئەسڵی رووداو ئیدی.

- یانی ...؟

- یانی وردەکارییەکان. تۆ بە جێی ئەوە دەسبەجێ دەستدەکەی بە گشت بێژیو وراجیو سەفسەتەو لە ئەسڵی رووداو مەسەلەکە دوور دەکەوییەوە.

- من ئەو شتانەی که هێندێکجار بۆم دێتە پێش، بەم شێوەیە شیدەکەمەوە. دەمهەوێت ئەو یاسایانەی که لە پشت مەسەلە زاڵەکانەوەن ببینمەوەو شییان بکەمەوە.

- دەزانم، بەڵام هەندێکجار گومانم لەوەیە که نەوەکو تۆ یاساکان بە قازانجی خۆت لێکدەدەیەوە. ئەگەر بۆ تۆ باش بن، بۆ هەموو دنیا باشن. ئەگەر بۆ تۆ خراپ بن، بۆ دنیاش خراپن. هەر بۆیە دەبێت فێر ببی که قسەو مەسەلەکان راستو بێ ئەملاوئەولا وەك خۆیان باس بکەی، بە بێ ئەوەی که بیانکێشیتە مەیدانی یاساو رێوشوێنە گشتو فرە رێژەییەکانی خۆتەوە.

بۆ وێنە بەو جۆرەی که دەستت کردە گێڕانەوە، پێموایە ئەمڕۆ بەیانی گرفتێکی کارت بۆ هاتۆتە پێش. نازانم، رەنگە لە گرێبەستێکی تەبلیغاتی دڵەندبی. بەڵام خاترجەم بە که ئەگەر هەر ئەم بابەتە بە قازانجت ببوایە، رێك پێچەوانەی ئەو قسانەت دەکرد.

- بەرای تۆ دەبێ چ بکەم؟

- دەبێ فێر ببی که تۆش وەکو خەڵك شتەکان لە بەرژەوەندی خۆتا تاوتوێو شیبکەیتەوە.

بەڵام لەم نێوەدا گشت بێژییو فرەوێژیی وەلابنێو تەنیا راستیو ئەسڵی رووداو مەسەلەکە باس بکەی.



- کەوایە بەرای تۆ وەکو گوڵەبەرۆژە که خۆر لە هەر لایەك بێ رووی تێبکەم، وا باشە؟

- بە جۆرێك بەڵێ.

رووداوێك که بۆی هاتبووە پێش لە راستیدا دەبوا زۆر جیدی بێت. چونکە دەزگای زەیینی لە ناکاو تووشی گرفت بوو، نە سەبارەت بە ژن رایەکی دەربری. ئاخر من ژنێکم. و لەمەڕ ئەرکی سەرشانی هاوسەران. ئاخر من هاوسەریم هیچی نەگوت، بەڵکە بە توورەییەوە ئێعترازی بە من گرتو هاواریکرد:

- ئیزنت پێ نادەم لەگەڵم بەم شێوە قسە بکەیت.

ئای، چ بەختو شانسێك! ئاخرەکەی قسەیەکی راست، رێكو دیار وەکو خۆی بە زاریدا هات. ویستم بەو ئاراستەیەدا هانی بدەم. بۆیە بەو بۆنەیەوە بە بێزارییەوە گوتم:

بە هەر شێوەیەك دڵم بخوازێ قسە دەکەم. تۆ لە باگەرێك دەچیت، ئەویش باگەرێکی زۆر زۆر فرە وێژو و راج. هەنووکە نۆرەی ئەو بوو که هێرش بکاتە سەرم. دارو دیواری ماڵەکەمان هەمیشە شاهیدی فرە وێژیو ئاخاوتنە درێژو نەبراوەکانی ئەو و گوێگرتنی من بوون لە بێدەنگیدا، ئەمجارە پیاوێکی وردیلانە بە کەللەیەکی وەکو (سێرکول لیئۆنی) بێئەوەی که خۆی ئەزییەت بکات ئەم کارەی ئەنجامدا. بۆ چەند ساتێك، هەستم بە سووکیو زەلیلی خۆم کرد. لانیکەم هەنگاوێکیش خۆی هەر هەنگاوێکە: سەرەنجام کارێکی تایبەتو بەرهەستو دیاری ئەنجامدا. بەڵام دواتر دەستبەجێ توورەیی بەسەرمدا زاڵ بوو. هەستام، بەرەو لای دەرگاکە هەڵاتمو هاوارم کرد:

ئیدی هەموو شت لە نێوانماندا کۆتایی پێهات.

جانتایەك هەڵدەگرمو هەر شتێك بەردەستم بکەوێ دەیخەمە ناوییەوە. ئێستا ئەو دێتە ناو دیوەکەوە، خۆی دەخاتە مل دەستو پێما ئەژنۆکانم لە باوەش دەکاو دەبێتە هۆی ئەوەی بە پشتەوە بکەومە مل تەختی خەوەکەدا. دواتر بە دەنگێکی تەواو خەمینو دەرداوییەوە دەڵێ:

- کاتژمێرێك لەمەو پێش لە کار وەدەرنراوم. ئێستا بێکارمو تۆش رێك لە وەها دۆخێکدا دەتەوێت بەجێم بهێڵیت.

زۆر باشە، سەرەنجام، کاری خۆمم کرد، دەزگایەك که هەموو شتێکی ورد دەکرد، لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستەی مندا لە کارکەوتو ئەو بابەتو مەسەلەیەکی خاوو دەست لێ نەدراوی که هێشتا شینەکرابۆوە تاکوو ببێتە سووسیسی ئایدۆلۆژی، بە زمانیدا هات،

گوتم:

- دەرکراوی؟

- بەڵێ.
- دەباشە چۆن؟
- بەرپرس بانگی کردمو پێیڕاگەیاندم کە کەمکاریم کردووە.
- کەوابوو ئەمە بوو ئەسڵی ڕووداوەکە. مەگری. کارو پیشەیەکیتر دەبینیەوە.
خەیاڵت ئاسوودەو خاترجەم بێت منیش بە جێت ناهێڵم. بەڵام دەزانی لەمەو بەدوا چ دەکەم؟
- چ دەکەیت؟
- هەرکات بزانم خەرکیی سەفسەتەو وڕاجی دەکەی، بێدەنگو بە بێ تەوسو تانە دەڵێم: درۆ، درۆ، کەوایە، ئاوەهایە...
ئاوی کەپۆی هەڵلووشی. ئیدی نەدەگریا، ئارامو هێور ببووەوە.
پرسیم:
- بەرپرسەکەت چ جۆر مرۆڤێکە؟ ـ مرۆڤێکی ئاسایی.
- لە راستیدا بە تەواوەتی ئاساییش نییە. رەنگە ... رەنگە هێماو نیشانەیەکی تایبەتی هەبێت؟
- ڕێك وایە، خاڵێك، نا، نیشانەیەکی مەزن، لە سەر لێویە. دیار بوو کە ئەمڕۆ بەیانی لە کاتی ریشتاشین دا بڕیویەتیو بە بێ سەرنجدان بە من بەردەوام دەیلێسێتەوە.
- ئای حاڵم تێك چوو.
- خاڵو نیشانەکان ئەگەر ببڕدرێن زۆر مەترسیدارن. تەنانەت رەنگە ببنە شێرپەنجەش.
بۆیە دەبێ لە کاتی ریش تاشین دا دەبێ وریا بین...
- درۆ، درۆ، ئاها، کەوایە، ئاوەهایە ...

سەرچاوە: کتاب زندگی دیگر سال چاپ، ١٣٨١ انتشارات هرمس تهران.





# لەم گۆڕەپانەدا

ن: مەجید دانش ئاراستە
و: ئەردەڵان فەرەجی

پێ بە پێی تۆ دەهاتمە رێ. لە هەر کوێ دەوەستای دەوەستام. سەیری هەر کوێت دەکرد، سەیرم دەکرد. کێ باوەڕی دەکرد کە ئەوە تۆ ئاوا تێکچووی، چەند هەنگاو بڕۆیت و دەست بە دیوارەوە بگری. تۆ باڵات چنار ئاسا بەرز بوو. کە بە رێدا دەڕۆیشتی سەمات دەکرد. پێڵاوی ژنانەی پاژنە بڵیندت لەپێ دەکرد، سینگت بۆ شەڕ دەردەپەڕاند. دەتویسست سەرنجی خەڵك بۆ لای خۆی رابکێشی، بەڵام ڕێگاکەیت نەدەزانی. چونکە جاهیل بووی.

ئێستا بە حەسرەتەوە دەڕوانیتە ڕێبوارەکان. هەر شتێك کە دەیبینی سەرتی بۆ دەلەقێنی. رەنگە دەکەویتە بیری تەمەنی لاوی لەکیسچووت. دەزانم سەیری ئەو بینایە دەکەی. راستە. رۆژگارێك ئێرە تەپك بوو. باوکت میوەفرۆش بوو. بارگەوبنە لە سەر ئەم گردە دەکردەوە. نەکا بیری باوکت کەوتیتەوە؟ لاو بویت. دەتویست گەشە بکەی. بە زۆر پارەت لەو پیرە پیاوە ئەساند. لەگەڵ باوکت شەڕت دەکرد. تۆ پێدەکەنیت. باوکت بۆوەی ئیشێك ناکەی، لێت زویر بوو. بەڵام تۆ گوێت رایەڵی قسەکانی باوکت نەبوو. کورسییەکت هەڵدەگرت و لاقت لە سەر لاق دادەنا و سەیری بەڕیز رۆیشتنی کچانت دەکرد. تۆ عاشقی کچەکەی ئاغا ئەسەد بوئەوەی. ریسوای ئەو ئەوینە بووی. بیر لەو رۆژانە دەکەیتەوە؟

دەزانم بۆچی سەیری ئەوێ دەکەیت؟ ئێرە دووکانی عەلی بەقاڵ بوو. تۆ لەگەڵ عەلی بەقاڵ باش نەبووی. پارەت دەدامێ تاکو ئازاری بدەم. عەلی بەقاڵ لە شلەزەرد بێزار بوو. قاپێکت شلەزەردەکەم لە بەر دووکانەکەی دادەنا. عەلی بەقاڵ رووی وەردەسووڕاند. منیش دەمم دەگرت: "عەلی شلەزەرد ، عەلی شلەزەرد ، وەر شلەزەرد بخۆ". عەلی بەقاڵ لە دووکانەکەی دەهاتە دەرێ و لەقەی لە قاپە شلەزەردەکە دەدا و جێنۆی بە من دەدا. من لە پشت تۆدا پەنام دەگرت. تۆش بەرز پێدەکەنیت. عەلی بەقاڵ لێت دەترسا. ناوت زڕا بوو. پێیوابوو لەگەڵ کچەکەی دای. دەترسا کە کچەکەی بەدبەخت کەی.

من لە بەر دەستی باوکتدا ئیشم دەکرد. تۆ وەك باوکت رەزیل نەبووی. باوك میوەی پێنەدەدام. بەڵام تۆ مرۆڤێکی دەستودڵ ئاواڵە بووی. هەر کات میوەت دەخوارد بەشی منیشت دەدا. من باوکتم پێ مرۆڤێکی بەختەوەر بوو. پێم وابوو هەمیشە میوە دەخوات. بەڵام وا نەبوو. ئەویش وەك من سەیری میوەی دەکرد.

رۆژێك بوێریم دایە بەر خۆم. دوو دانە هەرمێم هەڵگرت و رام کرد. باوکت بە دارێکەوە وەدووم کەوت. وایدەزانی کە هەرمێکان توور دەدەم. کاتێك دی خەریکم دوور دەبمەوە پلارێکی تێگرتم. بەس نەبوو پلارەکەی نەیگرتم دەنا سەقەت دەبووم. تۆ لەگەڵ هاورێکانتدا بووی. دەمزانی کەبۆ دوو هەرمێ وەدووم ناکەوی. باوکت بە سەرتا گوڕاندی، بەڵام تۆ پێکەنیت، چونکە بە گوونی خۆت رادەدا.

باوکت لە هاورێکانی تۆ بێزار بوو، بەڵام من خۆشم دەویستن. حەزم دەکرد هەموو کات لەگەڵ هاورێکانتا بی. کاتێك لەگەڵ ئەواندابووی خۆشم رادەبووارد. کەشەفێکت لە ئەکبەر قاوەچی وەردەگرت. شووتییەکت دەنا سەر کەشەفەکە. دوایی پارەت بە من دەدا بچم نان و پەنیر بکڕم. من بە دزییەوە برێکم لە پارەکە هەڵدەگرت بۆ خۆم. چونکە عاشقی سینەما بووم. بە پارەی تۆ دەچووم بۆ سینەما. نازانم سەبارەت بەکێ و چی لەگەڵ هاورێکانتا قسەت دەکرد کە ئەوان بەرز پێدەکەنین. رەنگە هەر بۆوەش بوو لای خەڵك بێعار بووی. چەند جارێکیش شەرت لەگەڵ کردن.

دەزانم بۆچی لێرە دانیشتووی. سەیری گۆڕەپانی "صیقلان" دەکەی. راستە. گۆڕەپانەکە گۆڕاوە. دووکانی سمایلی دوو چەرخەساز ئێستا لۆکس فرۆشییە. مەیدانەکەش بچووك بۆتەوە. پاسکیلێکت بە کرێ دەگرت و خولێك لێدەدا. شانۆت بۆ خەڵکی دەنواند. لە سەر پاسکیلەوە چات دەخوارد. لەسەر سوکانی دووچەرخەکە باڵانست لێدەدا. لاقت هەڵدەسووڕاندو گۆرانیت دەوت. زۆر کاری تریشت دەکرد. نازانم چیت دەکرد کە نەدەکەوتی. کەچی بەم هونەرانەشەوە هەر بێکار بووی.





ماوەیەك بوو دیار نەبووی. دواتر کە هاتییەوە دەرنەدەکەوتی. سەربازی فیراری بووی. پاشان ببوویتە شۆفیری لیوا. رەنگە هەر بۆیە بوو کە وەك سەربازەکانی دیکە بەرگت نەدەپۆشی. پانتۆڵی "گواردییەن"ت دەکردە پێت. قوپچەکانی بلۆزی سەربازیت دەکردەوە. قژت دادەدا بەرچاوت. لە سەربازی دەدوای. باست لە خۆت دەکرد کە چ کارگەلێك دەکەی. دوای سەربازی ببوویتە مرۆڤێکی تر. کەست ئازار نەدەدا. سڵاوت لە هەموو کەس دەکرد. رێزت بۆ باوکت دادەنا. ئیتر پارەت لە باوکت وەرنەگرت و کەمتر لەگەڵ هاورێکانتا دەگەڕای. دەیانوت ژنت خواستووە. پاشان لە شارەوانی دامەزرای. ببوویتە شۆفیری سەیارەی ئاوپاش. هەر کات کە لە صیقلان تێدەپەڕیت هۆرینت بۆ لێدەداین. چەند جار تۆم دیت کە ئاگرت دەکوژاندەوە.

هاوینانیش باخچەکانی شەقامت ئاودەدا. تۆ هاوینان لەگەڵمان بووی. شادیت بۆ ئێمە دەهێنا. لە پێش سۆکانەوە دەتوت کێوی. کاتێك ئێمەت دەدی هۆرینت بۆ لێدەداین. دەتزانی کە ئێمە درەنگ، درەنگ دەچین بۆ حەمام. ئێمە لە ماڵەوە سابوونمان دەهێناو لە ژێر ئۆتۆمبیلە ئاوپاشەکەی تۆ خۆمان دەشت. تۆ لە سووچێکەوە دەوستایت و سەیری ئێمەت دەکرد. ئێمە لە قەراغ شەقام رادەوەستاین و سابوونمان لە خۆمان دەدا. تۆ دەتزانی کە سابوون چاوی ئێمە تیژ دەکا. ئێمەت سەرسام دەکرد. کاتێك چاومان دەنووقاند، تۆ سواری سەیارەکەت دەبوویت و دەڕۆیشتی. ئێمە بە دواتا رامان دەکرد. تۆ لە ئاوێنەکەوە سەیری ئێمەت دەکرد. کاتێك دەت دی کە خەریکین پێت دەگەینەوە، گازت دەدا بە سەیارەکەت و دوورتر دەوەستایت. ئێمە بە ترسەوە لێت دەهاتینە پێشێ. وامان دەزانی کە دیسان دەڕۆی، بەڵام تۆ وات نەدەکرد. ئێمە لە شانوپیلی یەکتر سەر دەکەوتین و خۆمان دەدا بەر بەلوعەی ئاوەکە. تۆ لەم گۆڕەپانەدا لاویی خۆت دەبینی. وەك من ناتوانی منداڵی خۆتی تیا ببینییەوە.

**سەرچاوە:**

ژێدەر_ نگاه نو ژمارە ٣٤